شیعری؛حەمە شوان شەریف

# ووشەی دوای ژێر چەترێک

ئەم جارەیان
یەکمان بینی
لەدورەوە هەناسەمان ئەڕژێنینە
نێوبارانی بێدەنگیەوە.
ئەم جارەیان....
گۆرانی یەک بـــــــا
سەمامان بێت...
خەمێک..........
بـــــــا لەیەکترمان نزیککاتەوە.
دلێــــــــک بــــــــالەیەکترمان بگەیەنێت .
دلێک
لێوان لێوو لە هەراسانی
بۆ منێ بەگومان ژیابم و بەهارم دۆڕاندبێ بە بەپایزی ساڵەوەرز.
..............................................................
لەکوێی ئەی ئاسمانی ئەو ئەستێرەی
قیامەتێکە بۆت دەگەڕێم!،
هەناسەی ئێوارانم و
پیاسەی نیوەڕوانم . تــــــۆ ببینە
گەڵاوەریوەکانی دڵم
دوولەپی پەنجەزەردا هەڵگەڕاوی جگەرەداگیرسانم
چاوەکزەکانی ئێستام
تێک شکانی پیاڵەی لەشم بەگەرمی هەناسەی زووت،،.
کچێ ...نەهاتی ڕۆحیانەتم ڕاوەشێنیت ،
گوێگرە کچێ...
خـــــــۆرێک نیە ســـــــــــێبەر دڵی نەبردبێ
بۆ زویربوون.......................!.
کچێ نیە دڵ و چاوی
لەگیرفانی کورێک دا ئارەقەی نەکردبێ.
دڵی من دڵێک نیە بیریچێتەوە
هەناسەی ژێر ئەوچەترەیی پێکەوە لەنیوەڕۆیەکا

بەرەومالی مالێک چووین..
لەوێ ووتمان
بارانێکە لەو بارانەی من بیری تۆم دەکر و تۆ بیری من
بەرلەوەی چەترەکەت بنوشتێنیتەوە
حەزم وایەبلێم!
بارانەکە منی تەڕکرد !
لەژێرئەوچەترەدا ماچێکم داوالێنەکردی
لەو ماڵەچۆڵەشدا نەڕژامە جۆگەلەکانی لەشتەوە،
فەر مووم نەکرد ،بڕژێتە تەنیایمەمەوە
.کچێ بۆ ، هەموو ئەو ناسکیەت ، ئازارم خوارد
ئاخ .. ئەو ووشەیە چی بوو نەمان توانی بیدرکێنن
لەژێر ئەو چەترە نەعلەتیا
چەترەکە لادە با بارانەکە تەواو تەڕمکا
با بەسەر پیاوەتیمدا بچەمێمەوە وبیرێ لەووشەکەبکەمەوە
دوای عەیامێک بیرکردنەوە.....
هەنوکەش چەند ووشەیەکی جوانە خۆشەیستی
کچـــــــــــــــــێ!.
ئەم جارەیان یەکمان بینی
نەک وەک لاولاو
وەک گڵ وڕەگ گوڵێک لەماچ ،دەپەیڤێنین
لەژێر هەمان چەترا
ماڵێک پــــــڕلەووشەی بەبێتکـــــــــا بەسەر باڵای بارانێکا ئەڕژێنین.
ووتم ماڵئاوا،،،
ووتی هەرواوزوو...................... !!!!!!!!!!!! ووتم .............زویر مە

.من ڕۆیشتم...............
.ماڵ
ئا
وا... پایزی2002